www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:53 8-2-2006

# ڤیان جاف ؛ ئەو خاتوونەی بە خاڵی کۆتایی گەیی ... ئاگری

ئەم رۆژانە هەواڵی خۆ سووتاندنی کچە گەریلای ناو ریزەکانی پ.ک.ک. خاتوو لەیلا والی حەسەن، ناسراو بە ڤیان جاف، لە راگەیاندنەکانی ئەو حیزبەوە بڵاو کرایەوە. ئەم خەبەرە رەنگە زۆر کەسی تووشی گومان کردبێ کە چۆن دەبێ ژنێک کە بە ئاستە بەرزەکانی ئەندامی کۆنسەی باڵی چەکداری پ. ک. "هەپەگە" گەیشتبێ و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ژنانی سەر بە پ. ک. بێ بەڵام وەک چۆن راگەیاندنەکانی پ. ک. بڵاوی دەکەنەوە بۆ ئازادی بەرێز ئوجەلان خۆی کوشتبێ؟

ئەگەر چاوێک لە کورتە بیوگرافی خاتوو ڤیان، کە راگەیاندنەکانی پ. ک. بڵاویان کردۆتەوە، بکەین، دەبینین کە خوالێخۆشبوو لە هەرەتی لاوەتی و هەستیاریدا تەڤلی پ. ک. بووە. تەمەنی ١٥-١٦ ساڵی بۆ هەر گەنجێک و بە تایبەتی بۆ کچێکی رۆژهەڵاتی، کە ژیانی لە ناو بەند و بەستە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە دوور لە ئازادی و لە ژێردەستەیی باوک و برا و خزم و کەس و کۆمەڵگادا تێپەر دەکا، بێگومان تەمەنێکی پێگەیشتوو و تێگەیشتوو نییە و هەر بریارێکی وەها چارەنووسساز لەو تەمەنەدا و بەم بارودۆخەی کە باسکرا، ناتوانێ بریارێکی عەقڵی بێ و بێگومان لە ئیحساس و هەستی لاوێتییەوە سەرچاوە دەگرێ. لە پرەنسیپی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی دنیا بە کوردستانیشەوە، لاوان لەو تەمەنەدا مافی ئەندام بوون و چەکدار بوونیان نییە و تەنانەت لە هەڵبژاردنە دیموکراتیکەکانیشدا مافی دەنگدانیان نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لە ناو پ. ک. دا ئەگەر بوونە گریلا دڵخوازانەش بێ، واز هێنان و پەشیمان بوونەوە بڤەیە و مەرگی بە دوادا دێ.

لە لایەکی دیکە لەیلا بە بوونی بە گریلای پ. ک. توشی نەفرەت و تورەیی باوک و کەس و کار و تەنانەت کۆمەڵگاش هاتبوو. یەکێک لە دەستەخوشکە نیزیکەکانی هەر بەو تاوانە لە لایەن خزم و کەسانییەوە گوللەباران کرا. لە پرسەی مەرگی خاتوو ڤیانیشدا تەنانەت بنەماڵەکەشی ئامادە نەبوون.

لێرەدا ئەوە بە ئاشکرا دیارە کە ڤیان نە لە لایەن حیزبەوە ئیزنی واز هێنانی پێ دەدرێ و نە تازە لە لایەن بنەماڵەشەوە وەردەگیرێ و بە داخەوە ڤیان مرۆڤێک بوو کە لە نێوان دوو بەرداشی پرەنسیپی حیزبایەتی و کلتووری کۆمەڵایەتیدا مابۆوە.

مەرگی لەیلا و وەسیەتنامەی لەیلا هەردوکیان لە لایەن حیزبەوە بڵاو کراونەتەوە و هیچیان بۆ متمانە نابن. راگەیاندنەکانی سەر بە پ. ک. ئەو خۆ کوشتنەی ڤیان بە هەنگاوێکی ئازادیخوازانە و شۆرشگێرانە و... لە قەڵەم دەدەن. بەڵام لێرەدا چەند پرسیار لە بەر دەم منی بیسەر و خوێنەردا قوت دەبنەوە و ناچارم دەکەن بروا بەو خروقاتانە نەکەم ؛ ڤیان بۆ لە شەوی یەک لە سەر دووی شوباتدا خۆی کوشت؟ ئەم شەوە چ پێوەندییەکی بە پ. ک. و بەرێزعەبدوڵڵا ئوجەلانەوە هەیە؟ ئەو ژنە سەرکردەیە بۆ دەبێ بەو ئاکامە بگا کە بۆ دژایەتیکردن لە سەر گۆشەگیری ئوجەلان خۆی بکوژێ؟ ئاخۆ

سەرکردە نابێ ئەوەندەی تێگەیشتن هەبێ کە بە خۆ سوتاندنی ئەو هیچ پێشکەوتنێک رووnadا؟ ئاخۆ نابێ ئەوەندە بزانێ کە ئەو کارەی ئەو پەرە بە فەرهەنگی خۆ کوشتن لە ناو کچان و ژنان دەدا و دەبێتە وێنەیەک بۆ ناخۆراگری لە بەرامبەر هەر کۆسپێکدا؟ راگەیاندنی پ.ک.ک. ئەو هەنگاوەی ڤیان بە ئازایەتی و شۆرشگێری لە قەڵەم دەدەن، کە وابوو لە روانگەی ئێمەومانانەوە خۆیان زۆر ترسەنۆکن کە ناتوانن وەک ئەو خۆیان بسووتێنن و گۆشەگیری سەر رێبەرەکەیانی پێ پروتستۆ بکەن!!

agiri11@yahoo. com